# د.کەمال سەیید قادر هێشتا هەر بەدەستبەسەر دەزانین

نیمچە ئازادکردنی د.کەمال، پاش ئەوەی لەچەندین سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە ڕاگەیاندرا، بەتایبەت لەلایەن خووشکانی د.کەمالەوە پشتڕاستکرایەوە، نیشانەی ئەو هەموو ماندووبوون و هەوڵ و کۆششانەیە کە ئازادیبیخوازانی کوردستان و عێراقیی و بیانیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال و حیزب و کەسایەتی و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی تر لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا کردیان و گوشاری سیاسیی و دیپلۆماسییان خستە سەر دەسەڵاتی پارتیی دیموکراتی کوردستان.

ئێمە سەرەڕای ئەوەی ئەم هەنگاوەی دەسەڵات بە کارێکی پۆزەتیڤ دەخوێنینەوە، بەڵام هاوکات بڕوامان وایە ئەگەر گوشاری هەمەجۆرەی ئازادیبیخوازان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەگشتیی و ڕۆڵی هەندێک لەسایت و رادیۆکان و ڕۆژنامەکانی کوردستان و ئەم کەمپەینە نەبووایە... د.کەمال سەیید قادریش ئێستا وەک سەدان قوربانیی دەستی هەردوو دەسەڵاتی سیاسیی، گومناو دەبوو، هیچ شوێنەوارێکیشی نەمابوو.

د.کەمال و دۆزەکەی دۆزێکی سیاسیی، فیکریی، ئازادییە لەنێوان دەسەڵات و بەرەی ئازادیبیخوازییدا، لەم ئاقارەشەوە دۆزی د.کەمال بەهەموو ئەگەرەکان و خوێندنەوە جیاوازەکانەوە، بوو بە هێمای ئازادیی ڕادەربڕین بەگشتیی و ئازادی سیاسیی بەتایبەتیی ، بوو بە سیمبولێک بۆ ڕەوتی ڕوولەسەری داوا ئازادییەکان و چەمکی ئازادیی ڕادەربڕین بەشێوەکی دیارییکراو هەروەها ئاڵوگۆڕیکی ڕیشەیی لە بنەما فیکریی و سیاسییەکانی دیموکراسیی لەکوردستان و داتاکانی "ئازادیی" دا دروستکرد.

وەک کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال ، پیرۆزبایی لە تەواوی ئەو ئازادیبیخوازان و نووسەران و ڕۆشنبیر و لایەنە سیاسیی و نێوەندە کولتووریی و نێونەتەوەییانە دەکەین کە کەم و زۆر بەشدارییان کردووە بۆ ئازادیی د.کەمال و چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و سەرجەم ڕەوتی ئازادیی لەکوردستاندا و خۆشحاڵیی خۆشمان بە نیمچە ئازادیی د.کەمال دەردەبڕین . هاوکات تا نەگەیشتنەوەی د.کەمال بە وڵاتی نەمسا یان هەر وڵاتێکی تر کە ئەو

بەتەواویی ئازادییەکەی رابگەیەنێت، ئێمە لەرووی پراکتیکەوە ئازادیی ئەو بەفەرمیی نازانین و هێشتا هەر بەدەستبەسەری دەزانین.

تەنانەت هیچ لێدوانێکی ئەو لەکوردستان و هیچ نووسینێکی ئەو، نە بە پیتی عەرەبیی و نە بە پیتی لاتینیی بە ویستی "ئازاد"ی ئەو نازانین و بەجۆرێک لەجۆرەکان لەژێر گوشاردایە. لە ئێستاشدا لەهەموو کاتێک زێتر گومانی تیاچوونی فیزیکی د.کەمال سەیید قادر لەئارادایەو ئێمە وەک کەمپەینی ئازادیی هەر لەم ساتەوە تەواوی نێوەندە نێودەوڵەتییەکان لەم مەترسییانە ئاگادار دەکەینەوەو لەهەموو بارودۆخێکدا پارتیی دیموکراتی کوردستان بە بەرپرس دەزانین ، جا لەژێر هەر ناوێکدا بیر لە هەنگاوێکی لەم چەشنە بکرێتەوە هەرکەسێک پێی هەڵسێ لە ئەستۆی پارتیی دەناسین. ئەو میواندارییەی ئێستاش بۆ د.کەمال دەکرێ، دەیان گومان و گریمانی خراپی لەپشتەوەیەو سیناریۆیەکە بۆ شکاندنی کەسایەتیی د.کەمال و بەتووندیی سەرکۆنەی دەکەین و داوای دەستەبەجێ گەڕانەوەی د.کەمال دەکەین بۆ وڵاتەکەی خۆی "نەمسا" بێ هیچ بەندو مەرجێکی سیاسیی و کاری ژێربەژێر و هەڕەشەو ترساندن لەرووی کۆمەڵایەتیی و جەنگی سایکۆلۆژیی تایبەتییەوە.

کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال سەیید قادر- کۆمیتەی سەرپەشتیکار
راگەیاندنی ژمارە 31
2006-02-04